هەڵبژاردنەکانی یەکێتی ئەورووپا EU-2024

روونکردنەوەیەکی سادە

# هەڵبژاردنەکانی یەکێتی ئەورووپا EU-2024

هاونیشتمانیانی یەکێتی ئەورووپا، لە پرۆسەی هەڵبژاردندا

بە پێنج ساڵ جارێک، ئەندامانی پەرلەمانی ئەورووپا

هەڵدەبژێرن.

لە فینلاند، پازدە ئەندام (Meppi) بۆ پەرلەمانی

یەکێتی ئەورووپا هەڵدەبژێردرێن.

هەڵبژاردنەکانی - EU واتە پەرلەمانی ئەورووپا

هاوکات لە هەموو وڵاتانی هەرێمی ئەو

یەکێتیە بەڕیوە دەچێ.

٢٧ وڵات ئەندامی یەکێتی ئەورووپان.

خشتەی زەمانیی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی ئەورووپا

لە فینلاند بەو شێوەیە:

- رۆژی هەڵبژاردن واتە یەکشەممە 9.6.2024
- هەڵبژاردنی پێشوەخت لە نێوخۆی فینلاند لە ڕێکەوتی 29.5-4.6.2024
- هەڵبژاردنی پێشوەخت لە دەرەوەی فینلاند لە رێکەوتی 29.5-1.6.2024

بۆ راگەیاندنی دەنگدان لە ماڵەوە (تایبەت بە کەسانی خاوەن نەخۆشیی درێژخایەن و تایبەت)

دەبێ هەتا رۆژی 28.5.2024 کاتژمێر 16:00 پێوەندی بە

کومیسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردنەکان لە شارەکەی خۆت بکەی.

ژمارەی تەلەفوونی ئەو ناوەندە لە بەڵگەنامەی

مافی دەنگدان دا دیاریی کراوە.

لە بارەی دەنگدان لە ماڵەوە، دەتوانی زانیاریی زۆرتر

لە کۆمیسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردنەکان وەرگری.

## بەو شێوەیە دەتوانی پێشوەختە دەنگ بدەی.

دەتوانی لە هەر بنکەیەکی تایبەت بە دەنگدانی پێشوەخت

بەشداریی لە هەڵبژاردنی EU بکەی.

**هەڵبژاردنی پێشوەخت لە فینلاند رۆژانی 29.5-4.6.2024**

**هەڵبژاردنی پێشوەخت لە دەرەوەی فینلاند رۆژانی 29.5-1.6.2024**

هەوڵ بدە رۆژی دەنگدان، پێناسەیەکت پێ بێ کە وێنەی خۆتی لەسەر بێ.

وەک پاسپۆرت، کارتی پێناسە یان کارتی بەڵگەی شۆفیریی.

ئاوا بکە کاتێک دەچی بۆ دەنگدانی پێشوەختە:

**1 - کارتی پێناسەکەت بە کارمەندی هەڵبژاردن نیشان بدە.**

کارمەندەکە پسوولەی دەنگدانت پێدەدا.

**2 - بچوو بۆ ژووری دەنگدان.**

بە جوانی ژمارەی کاندیدەکەی خۆت لەسەر پسوولەکە بنووسە.

لەسەر ئەو پسوولەیە هیچ شتی تر مەنووسە.

ژمارەی تایبەت بە کاندیدەکان لە لیستەیەکدا نووسراوە و

لە دیواری ژوورەکەی دەنگدان دراوە.

**3 - پسوولەی دەنگدانەکە لە ناوەڕاست ڕا جۆرێک قەد کەوە**

**کە هیچ کەس نەتوانی ژمارەی کاندیدەکەی تۆ ببینێ.**

**4 - ئەو جار بگەڕێوە بۆ لای کارمەندی هەڵبژاردن.**

ئەو، پسوولەکەت بۆ مۆر دەکات و پاکەتێکی قاوەییت دەداتێ.

**5 - پسووله مۆر کراوەکەت لە ناو پاکەتە بخە و پاکەتەکەش داخە.**
**6 - کارمەندی هەڵبژاردن داوای ئیمزا کردنی فۆڕمێکت لێدەکات.**

لەو فۆرمەدا باس لەوە کراوە کە تۆ بە دەستی خۆت
پسوولەکەت قەد کردۆتەوە و خستووتە نێو پاکەتەکە و
قایمت کردووە.

**7 - لە کۆتاییدا کارمەندەکە، پاکەتە قاوەییەکە و فۆڕمەکەی ئیمزات کردووە دەخاتە ناو پاکەتێکی زەرد.**

کارمەندەکە پاکەتە زەردەکەش قایم دەکات. ئەوجار ئەو پاکەتە
بۆ کۆمیسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردنی شارەکەی خۆت بەڕێدەکرێ.

هەر کاندیدێک، ژمارەی تایبەت بە خۆی هەیە.
ژمارەی کاندیدەکان، لە بنکەی ئەنجامەکانی وەزارەتی داد،
بنکەکانی دەنگدان و ژووری دەنگدان دەبینرێن.

زانیاریی زۆرتریش لە بارەی کاندیدەکان، لە تەلەفزیۆن و
رۆژنامەکان و ئینترنێت دەست دەکەوێ.

## ئاگاداریی مافی دەنگدان

ئەگەر مافی دەنگدانت هەبێ، ئەوە بە نامەیەک
لەو مافەی خۆت ئاگادار دەکرێیەوە.

ئەگەر خزمەتگوزاریی Suomi.fi ت قوبوڵ کردبێ،
ئەوە مافی دەنگدانەکەت بە شێوەی ئەلکترۆنی
بۆ دێتە نێو ئەو لاپەڕەیە. زانیاریی زۆرتر لەو بارەیەوە لە
لاپەڕەی www.suomi.fi/viestit بخوێنەوە.

دەتوانی بە دڵی خۆت هەڵبژێری گەلۆ لە ڕۆژی تایبەتی دەنگدان دا
دەنگ دەدەی یان بە شێوەی پێشوەختە دەنگ دەدەی.
ئەگەر لە ڕۆژی خۆیدا دەنگ دەدەی ئەوە ناوی بنکەی هەڵبژاردنی
دەنگدان لە نزیکی تۆ لەو نامەی ئاگادارکردنەوەی مافی دەنگدانەکەت دا هاتووە.

ئەگەر بە شێوەی پێشوەختە دەنگ دەدەی ئەوە دەتوانی لە هەر بنکەیەک کە دەستت
پێیڕا دەگات دەنگ بدەی. ناوی ئەو بنکانەی لە شوێنی نیشتەجێبوونی تۆ نزیکن،
لە نامەی ئاگادار کردنەوەی مافی دەنگدانی تۆ ئاماژە پێکراون.

بەڵگەی پێناسەی خۆت هەڵگرە کاتێک دەچی بۆ بنکەی دەنگدان.
هەڵبەت پێویست ناکات نامەی مافی دەنگدانەکەت پێ بێ کاتێک دەچی بۆ دەنگدان.

## دەنگدان لە ماڵەوە

ئەگەر لە باری جەستەیی و جووڵەکردن ئەوەندە سنووردار کراوی
کە رۆیشتن بۆ بنکەی دەنگدان بۆتو یەکجار زۆر چەتوونە،
دەتوانی پێشوەختە لە ماڵی خۆت دەنگ بدەی.

## کارەکانی پەرلەمانی ئەورووپا

پەرلەمانی ئەورووپا
دەزگای نوێنەرایەتی خەڵکی وڵاتانی ئەو یەکێتیەیە.

پەرلەمانی ئوروپا لەگەڵ شۆرای یەکێتی ئەورووپا،
یاسا دادەڕێژێ.
شۆرای یەکێتی ئەورووپا،
نوێنەرایەتی وڵاتانی ئەندام لەو یەکێتیە دەکا.

پەرلەمانی ئەورووپا لەگەڵ ئەو شۆرایە پێکەوە
هەڵسەنگاندنی ماڵی بۆ یەکێتی ئەورووپا دەکا.

## کێ دەتوانی دەنگ بدات؟

دەتوانی لە هەڵبژاردنی یەکێتی ئەورووپا دەنگ بدەی، ئەگەر
. بوویە بە ١٨ ساڵی تەواو هەتا رێکەوتی 9.6.2024 یان
. بوویە بە خەڵکی فینلاند واتە رەگەزنامەی فینلاندیت هەیە یان
. خەڵکی یەکێک لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپای و
خۆت بە بەشی ناونووسی دەنگدان لە فینلاند هەتا رێکەوتی 21.3.2024

## دەتوانی دەنگ بە کێ بدەی؟

حیزبەکان و ڕێکخراوەکانی هەڵبژێردراو دەتوانن کاندیدی خۆیان
بۆ هەڵبژاردنی EU دیاریی بکەن.
کاندیدەکە دەبێ کەسێکی خەڵکی وڵاتی فینلاند بێ کە مافی دەنگپیدانی هەبێ
یان خەڵکی یەکێک لە وڵاتانی ئەو یەکێتیە بێ و دانیشتووی فیلاند بێ
و تۆمارکراوی مافی دەنگ پێدان بێ لە فینلاند.

کاندیدەکانی هەڵبژاردنی EU لە هەموو خاکی فینلاند
کاندید ئەژمار دەکرێن و سەر بە پارێزگایەکی تایبەت نین.
هەر بۆیە لە هەر شوێنێکی فینلاند بی دەتوانی دەنگی خۆت بدەی.

## بەو شێوەیە لە ڕۆژی دەنگدان دەنگ دەدەی.

**ڕۆژی 9.6.2024 واتە یەکشەممە ڕۆژی دەنگدانە.**
**لە ڕۆژی دەنگداندا بنکەکانی هەڵبژاردن لە کاتژمێر ٩ هەتا ٢٠ کراوەن.**

تەنیا لەو بنکەیە دەتوانی دەنگ بدەی کە لە نامەی ئاگادارکردنەوەکەت دا ئاماژەی پێکراوە.

لەو ڕۆژیدا دەبێ بەڵگەی پێناسەی خۆت پێ بێ. وەک:
پاسپۆرت، کارتی پێناسە یان بەڵگەی شۆفیری.

لە بنکەی دەنگدا بەو شێوەیە بجووڵێوە.

**1 - کارتی پێناسەکەت بە کارمەندی هەڵبژاردن نیشان بدە.**

کارمەندەکە ناوی تۆ لە لیستەی ناوی دەنگدەراندا دەدۆزێتەوە و

دواتر پسوولەی دەنگدانت پێدەدا.

**2 - بچوو بۆ ژووری دەنگدان.**

بە جوانی ژمارەی کاندیدەکەی خۆت لەسەر پسوولەکە بنووسە.

لەسەر ئەو پسوولەیە هیچ شتی تر مەنووسە.

ژمارەی تایبەت بە کاندیدەکان لە لیستەیەکدا نووسراوە و

لە دیواری ژوورەکەی دەنگدان دراوە.

**3 - پسوولەی دەنگدانەکە لە ناوەڕاست ڕا جۆرێک قەد کەوە**

**کە هیچ کەس نەتوانی ژمارەی کاندیدەکەی تۆ ببینێ.**

**4 - ئەو جار بگەڕێوە بۆ لای کارمەندی هەڵبژاردن.**

ئەو پسوولەکەت بۆ قایم دەکات.

**5 - پسوولە قایمکراوەکە بە دەستی خۆت بخە ناو سندووقی دەنگدان.**

## له کێ داوای هاوکاری دەکەی؟

**کارمەندانی هەڵبژاردن لە بنکەی دەنگدان ڕێنمایی و یارمەتیی تۆ دەکەن.**

هەروەها کەسێکی یارمەتیدەری دەنگدان لە بنکەی دەنگدان هەیە.
ئەگەر نەتتوانی ژمارەی کاندیدەکەی خۆت لەسەر پسوولەی دەنگدان بنووسی، دەکرێ داوا لەو یارمەتیدەرە بکەی بێتە ناو ژووری دەنگدان و ناوەکەت بۆ بنووسێ.

یارمەتیدەری دەنگدان دەتوانێ کەسێک بێ کە خۆت هەڵتبژاردووە.
بۆ وێنە دەتوانی خزم یان دۆستێکی نزیکی خۆت بێ.
بەڵام نابێ یارمەتیدەرەکەت خۆی کاندید بێ یان لە کاندیدەکە نزیک بێ.

یارمەتیدەری دەنگدان ناتوانی بە کەس بڵێ،
تۆ دەنگت بە کێ داوە.

## نهێنی هەڵبژاردن

هەر کەسێک بۆخۆی بڕیار دەدات لە هەڵبژاردن بەشداریی بکات یان دەنگ بە کێ بدات.

نهێنی هەڵبژاردن بە مانای ئەوەیە کە پێویست ناکا بەکەس بڵێی دەنگت بە کێ داوە.

هەر لەبەر ئەو نهێنی هەڵبژاردنەیە کە لە ژوورێکی بچووکدا پسوولەی دەنگدانەکە پڕ دەکەیەوە.

**دەنگ بدە لە هەڵبژاردنی EU !**
**بەو شێوەیە دەتوانی کاریگەریت هەبێ لەسەر ئەوەی**
**چ کەسێک بەشداریی دەکات لە پەرلەمانی ئەورووپا**
**بۆ ماوەی پێنج ساڵی داهاتوو.**

لەو ڕوونکردنەوەیە دا بە زمانێکی سادە باس لە دەنگدان و هەڵبژاردنی EU
لە ساڵی 2024 دەکرێ.

زانیاریی زۆرتر لەو لاپەرانە vaalit.fi – elections.europa.eu/fin – selkokeskus.fi بخوێنەوە.

ئەگەر پرسیاری زۆرترت سەبارەت بە هەڵبژاردن هەبێ دەتوانی
بەو ژمارە تەلەیفوونەی خوارەوە 0800 9 4770 پێوەندی بە بەشی
خزمەتگوزاریی وەزارەتی داد بکەی.

هەروەها دەتوانی پرسیارەکانی خۆت لە ڕێگای واتساپ
بۆ ئەو ژمارەیە 050 438 8730 بنێری.